www.kurdistannet.org
26-10-2006 23:09بەكاتی ناوەندی ئەورووپا

## هەرچی ریپۆرتاژێکی ئامادەکرد نابێتە رۆژنامەنوس.... ئامانج عەبدوولا سوور

كەسانگەلێك پەیدابوون بەبی ئەوەی سەرەواو لەوورگیانا بێت دەبنە پەیامنێرو ئنجا خۆیان ناودەنێن فلانی پەیامنێروفیساری ئازادیخوازوپرۆفیسۆری رۆژنامەو جەنەرالی ریپۆرتەروكەچی لەئەلفابێتای رۆژنامەگەری پەی نابەن وتانوكەلەبەردەم ئیفتیتاحیەی رۆژنامەیەكدا هەلۆوەستەئەكەن كەلەهەموو دنیا باوی نەماوە كەچی ئەمان دێن رووپەری رۆژنامە شەق وشرەكەیانی پی دەرازێننەوە...

لەهەموو دنیا دا رۆژنامەی ئەهلی نابێتە خۆهەڵواس بەچەشنی گەڵای سەووزی داروپەلكی رزیوی پایز چما لەكنە ئێمە رۆژنامە نوس دەناسم كون نەماوە سەری پیانەكاو حزب نەماوە لێی نەپارێتەوە تا عانەیەكی بۆ سەرف دەكەن ئەمیش ئەو ژمارەیەی رۆژنامەكەی بۆ تەرخان ئەكات وبەشان وباڵی دا دێت وسەنای بەرزە پایەی دەكات..

شەش مانگێك لەمەوبەر دوورۆژنامەنوسی جەربەزە هاتنە كنم هێند باسی گەورەیی رۆژنامەكەیان كرد تاچوونە ناوخانەی جەربەزەیی ئۆپۆزسیۆنەوە كەچی سەرەنجام نامەیەكیان دایە دەستم كەپربوو لەپارانەوە لەبەرپرسێك تیای دا بووبون بەدەروێشی ئەوحزبەو بەڵێنیان دابوو گەر هاتوو پشتیوانی ماددی كران ئەوا پەیمانی كوردایەتی لەسەر ئەورێبازە نوی دەكەنەوەوهەربەئاستیانەی خۆشیانی دەزانن من بەمەم نەزانیبوو پێم وابوو تەنها داوایەكە بۆپشتیوانی كردن وەلی كەوەڵامەكەم بەنێگەتیف وەرگتەوە ئەوجا زانیم ئەمانە كوری بی باری چ بارێكن ولەبەردەم دەسەڵات وحزب دا نەك هەرئۆپۆزسیۆن نین بگرە پادشای ماستاوچیان سەرشۆری پێڵاوی بەرپرسانن... دواتر ویستیان دارەچەماوەكەی دەستیان بەسەری منا بشكێنن كەوەخت بوو دیووی راستیەكان ئاشكرا بكەم لەكەنارەكانی هیجاوە پەرینەوەبەرەو قافیەی رستەگەلی پارانەوەوئاهی پەشیمانیان لەهەمبانەناوپرپریان كرد لەنزولەی پۆزش وپارانەوەوكۆتا هێنان بەوشەرە...

لەساڵی شەستەكاندا گۆڤاری دیرئیشپیگل لەئەڵمانیا كۆڵی بەوەزیری بەرگری ئەووڵاتەداو بەوشە ئەوبەرپرسە گەندەڵەی ووڵاتەكەی كۆڵ پی دا تائاستی وازهێنان وریسوا بوون كەچی ئەم فس فس پاڵەوانانەی كەسانگەلێكی كەفتەكارو خاڵی لەمەعریفە بەرۆژنامەنوسی سەركەوتوویان دەبینن بونەتە پەشتەماڵی دەسەڵات ورۆژی لەبەرێك ئەلەوەرن وزمانی توندوتیژی لەبەرەكەی تر دەخەنە گەر بۆهەمیشە مرۆڤە دۆراوەكان لەستایشی كەفتەكاروهەژارەكانی مەعریفەو ووشەدان بۆیە هەردووكیان لەیەك دەفرا ئاودەخۆنەوە، لەهاندانی دەستی چرچ دا سەوزایی بەرهەم نایەت قەت نابی لەوخەیاڵەدابین تاق لەشوتی بۆچلكاوخۆر بگرین ئەوكات چیمان لی زایند ئەبی لەدوودەستی بەتاڵ زیاتر؟؟؟

شارل هاڤەری فەرەنسی لەدووسەدەی رابردوودا چەكەرەی كرد ئەوكات ئاژانسی دەنگوباس بوو چما ئێمە تائێستا ئاژانسێكی لەوجۆرەمان هێناوەتە بوون؟؟؟تا بلێین گوایە ئەودیووی پەنجەرەودیوارەرزیووەكان ئەخوێنینەوە، تۆبلێی خوێندنەوەمان بۆلەش فرۆش ودەلاڵێكی لەشفرۆشەكان ودواندنیان لەشێوەی ریپۆرتاژێكی گاڵتە ئامێز بمانكاتە رۆژنامەنووس؟؟؟